cyan magenta yellow black File: P.12-13 fl ˙ Æ˝ " 3



خەبات
www.xebat.net
پێنج شەمە 2017/5/18 ژمارە (5272)



لەیلا فرجانی

# فرۆغێکی دیکەی شیعری ئێرانی

**بۆتان جەلال**



لەیلا فرجانی شاعیر و دەروونناس لە ساڵی 1972لە تاران لە دایک بووە، لە ساڵی 1986و لە گەرمەی شەڕی نێوان ئێراق و ئێران بەرەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆچی کردووە و خۆی لە ئاشوبی ئەو شەڕە وێرانکارییە ڕزگار دەکات، تەمەنی ( 16 ) ساڵان بوو یەکەم شیعری خۆی بڵاو کردۆتەوە، شیعرەکانی و بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی دیکەشی بە زمانی دایک (فارسی) بڵاو دەکاتەوە، شاعیر بڕوانامەیەکی بەرزی لە بواری دەروونناسی لە ئەمریکا بە دەست هێناوە و ئێستاش لە کالیفۆرینا نیشتەجێیە، لە ساڵی 2000لە خانەی ڕۆژگار لە تاران یەکەم کۆمەڵە شیعری بەناوی (حەوت دەریا، یەک دڵۆپە خوناو) چاپ دەکات، پاشان کۆمەڵە شیعرێکی دیکەی بە ناونیشانی (نامەی دانپێدانان) و پاشان (دانپێدانانی کچە بەد ڕەوشتەکە) و پاش ئەویش کۆمەڵە شیعرێکی دیکە بەناوی گوڵەکان بڵاو دەکاتەوە، جگە لە وەرگێڕانی چەندین دەقە شیعری شاعیرانی ئێرانی لە فارسییەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی.

لەیلا لەو وەچە شاعیرانەیە کە هاوشێوەی ڕێچکەی شیعری شاعیری گەورەی ئێرانی فەروغی فروخزادیان گرتووە و پێی سەرسامن، لە شیعرەکانی ئەم کچە شاعیرە لێهاتووە و ڕۆحی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە بەسەر داب و نەریتی کۆمەڵگەکانی ئێرانی بەرچاو دەکەون، دژ بە کێشانی بازنەی داخراو بەرامبەر بە ئازادی تاکی ئێرانی تێکۆشاوە و بە شیعر بەرگریی لە ئازادییە ڕەهاکان دەکات و هانی خەڵکی داوە بۆ جوانکردنی ژیان و لە پێناو سەربەستییە ڕەواکان چۆک بۆ داب و نەریتە کۆن و بێ کەڵکەکان نەدەن.
هەمیشە شیعرەکانی لەیلا فرجامی ڕەنگی سەوزی بەهار و مانا جوانەکەی ژیانی مرۆڤیان هەڵگرتووە، شاعیر دەیەوێت بڵێت نابێ مرۆڤەکان کۆیلە بن ، بێ ئیرادە و بێ خواست و هەست دەرک بە ژیانێکی ئاسوودە نەکەن.
لەیلا شاعیرێکی قەڵەم بڕشت و فرە ڕەهەند و بەرهەمە، نووسینەکانی بە زۆری لە بڵاوکراوەکانی وەک (سیمرغ و باران و بخار و ماکس و کلیک و جوهران و کارنامە) وەشاندووە و خوێنەرێکی زۆری تینووی ئازادی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، سەیر دەکەین چەندین شیعری وەک پۆستە و دروشم لەسەر شەقام و بەردەم دەرگای کۆلێژەکانی خوێندندا هەڵواسراون، ئەو شیعرانەی کە بەرجەستەی مانا جوانەکانی ژیان دەبەخشن و باس لە قەڵاچۆ کردنی هەژاری و نەخوێندەواری و کۆیلەیی و مافی مرۆڤ دەکەن.
ئەم شاعیرەش وەک زۆرێک لە شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی، لایەنگری ڕۆژهەڵاتی بوونی خۆی دەردەخات و پاراستنی کلتوور و فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی بەرز دەنرخێنێت و دژی ئەو هەوڵ و پیلانانە دەوەستێتەوە کە دەیانەوێ کلتووری ڕۆژهەڵاتی سووک و پووچ نیشان بدەن و وا بکەن ڕۆژئاوا بەسەر هزر و داب و نەریتی ڕۆژهەڵاتی زاڵ بکەن، بەڵکو ئەو نیازە ئاشکرا دەکات کە دەیەوێ بانگەشەی ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی بکات کە زیاتر سوور بن لەسەر داکۆکی کردنیان لە کلتوورەکانیان و بەرجەستە کردنیان لە بەرهەمە وێژەییە هەمە چەشنەکانیان و دەوڵەمەندکردن و زیاتر بایەخ پێدانیان بگرنە ئەستۆ.
سەرکێشییەکانی لەیلا فرجامی لەوەوە سۆنگە و سەرچاوەی گرتووە کە شیعر لە پێناو ئازادییەکانی مرۆڤ و ئاواتە شاراوەکانی بەرجەستە بکات و گوزارشت لە خواست و حەسرەتە دێرینەکانی تاکی ڕۆژهەڵاتی بکات، لەیلا وەک ئافرەتێکی ڕووناکبیر و شاعیرێکی چاوکراوە لە منداڵدانی ڕۆژهەڵاتەوە خەبات و هەوڵی بێوچانەکانی، لە دایکبوون، بۆیە هەمیشە خۆرێکی درەوشاوەیە لە ئاسمانی شیعری ئێرانی و هەر بە گەش و زیندوویش سەیر دەکرێت.
زمانی شیعرەکانی سادە و بێ گرێن، پڕن لە مانای جوان و ساکار و بەکەڵک، ڕستەکانی جۆرێکن لە کریستاڵی سپی و ساف و بریقەدار و چێژدەر و واتا بەخشن، بەلای زۆرێک لە ڕەخنەگرانی شیعرەوە ئایندەی لەیلا وەک چۆن گەورە شاعیری ئێرانی فەروغی فەروغزاد پایەیەکی بڵندی هەبووە، ئەوهاش پایەی لەیلا بەرز دەبێت و جێگای ئومێدی هەزاران خوێنەری شیعرە.
نموونەیەک لە شیعرەکانی:

نامەیەک بۆ باوکم

بابە:
لەم نامەیەدا خواحافیزی لەو هەموو
باڵۆنانە دەکەم
کە داوە کورتەکانیان
لە گەمەیەکی سەیردا لە دەستم دەرچوون
ئێستە بوونەتە کەلو پەلێکی دزراو
بەدەست پەریەکانی -با- دان
ئەم نامەیەم بۆمبێکە
لە ژێر پشتدێنی باپیرم دەیتەقێنمەوە
کە لە بۆگەن بوونی کەحول و
مەشخەڵانی ئەفیونە کلێپەدارەکاندا
پەراوێز خراون
چەشنی خوێنی پیاوێکی فەرامۆشکراو
ئەم نامەیەم بۆ هەموو بەفرێکە
لەسەر پەنجەی گەورەی پێیەکاندا کچ
کەوتوون
ڕێگا بە ڕۆشتنی کاتیی دوو پێڵاوەکانت
نادەن
ئەم نامەیەم بۆ ئەو بەفرانەیە
ڕاهاتوون بەشداری لە هەمان ئەو ڕەنگە
بەرائەتانە بکەن
کە لە منداڵی تۆ دا هەبوون
ئەو بەرائەتە دوور دەستانەی جەستەت
دادەپۆشن
وەک پۆشینی جل و بەرگی کاهینێکی
شاراوە
وەک سەربازێکی ئازا
کە حەز دەکات شەڕی دوژمنەکانی بکات
ئەم نامەیەم بۆ ئەو بەفرانەیە
لە گۆڕەپانی جەنگدا تواونەتەوە
نەشیانتوانیوە گڵپەی ئەو ئاگرە
دامرکێننەوە
وا لە نێو سەنگەرەکانی دڵتاندان
ئەم نامەیەم بۆ ترسی ئەو تەڵەزگانەن
کەوا لە ئەشکەوتی ڕۆحمدان
بۆ ئەو ئەژدیها دڕندانەن سەریان لە
هێلانە تاریکەکاندایە
بەرەو خۆر ڕادەکشن و پێوەی دەدەن
بۆ ئەو کچەیە کە ناکرێ بچووک ببێتەوە
تاکو
باسکەکانی لە باسکەکانت بئاڵێنێ و
بەسەر جۆگەی ئاوە هەڵقوڵاوەکاندا باز
بدات.

# گەشتێک بە موزەخانەی لۆڤەر دا

**کانیاو سالح**

هەر گەشتیارێک روو لە پاریس بکات،بەر لە هەموو شتێک ئارەزووی ئەوە دەکات،ئەو هەلە لە دەست خۆی نەداو موزەخانەی لۆڤەر ببینیت،بۆ ئەوەی زۆر لە داهێنان و شارستانیەتە کەم وێنەو بە دەگمەنەکانی مرۆڤایەتی لەو موزەخانەیەدا ببینێ،کە ئەمڕۆکە بۆتە سامانێکی نیشتمانی بە نرخی فەرەنسا ،لە هەمان کاتیشدا بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات لەو وڵاتەدا..

موزەخانەی لۆڤەر گەورەترین موزەخانەی جیهانە ،دەکەوێتە کەناری رووباری سین لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ،کە خاوەنی گەورەترین هۆڵێکی نمایش کردنی پارچەی هونەرییە ،وێڕای چەندین شوێنەواری مێژوویی بەهاداری میسری،کە کاتی خۆی لە کاتی هێرشی فرەنسا بۆ سەر میسر لەو وڵاتە دزران،لە قەڵایەک پارێزراو بوون کە فیلیب ئۆگوست ساڵی 1190دروستی کردبوو ،لە ترسی ئەوەی نەبادا لە کاتی شەڕو شۆڕو هێرش بردندا ئەو سامانە مێژووییە بە نرخانە بکەونە ژێر مەترسی لە ناوچوون یاخود بە تاڵان بردن،قەڵاکەش هەر بە ناوی ئەو شوێنەوە کرابوو کە لێی دروست کرابوو ،دواتر ئەو قەڵایە بو بە کۆشکێکی پاشایەتی و بە لۆڤەر ناونراو پاشاکانی فەرەنسای تێدا دەژیا دواینییان پاشا لویسی چواردەهەم بوو بەڵام ساڵی 1672ئەو قەڵایەی بەجێ هێشتوو رووی کردە کۆشکی فرسای بۆ ئەوەی فرسای ببێتە کۆشکی فەرمی پاشاو لۆڤەریش ببێت بە شوێنێک بۆ لەخۆگرتنی کارە هونەرییە بە دەگمەنەکان،ساڵی 1692ئەکادیمییەکانی فەرەنسا کردیان بە بارەگایەک بۆ رەسم و نواندن و بۆ یەکەمجار ساڵی 1699 یەکەم چالاکی خۆی تێدا نمایش کرد ،بۆ ماوەی سەدەیەک بەم شێوەیە مایەوە ،لە کاتی شۆڕشی فرەنساش بڕیار درا کە لۆڤەر بکرێتە موزەخانەیەکی نەتەوەیی بۆ پاراستنی شاکارە مەزنەکان،ئەوەتا ئەمڕۆکە ئەو موزەخانەیە گەورەترین موزەخانەی نیشتمانیی فەرەنسایە کە بۆتە جێگەی شانازی بەخۆوە کردنی فرەنسییەکان بە گشتی.



لە سەردەمی سەرۆک فرانسوا میتران و بە بۆنەی 200 ەمین ساڵیادی دروست کردنی موزەخانەکە سەرۆک فرانسوا فرمانی نۆژەنکردنەوەی موزەخانەکەی بە شێوەیەکی فرەوانتر داو زۆر لە پارچەکانی ئەو موزەخانەیەی نۆژەن کردەوە و موزەخانەکە لە جاران زۆر فرەوانتر بوو بە شێوەیەک کە تەنها هۆڵی (ریشیلیو) بە قەد موزەخانەی ئۆرسای بێت و هەر هۆڵێکی موزەخانەکە 60 هەزار مەتر چوارگۆشە بێت .
هەروەها پاشای سعودییەش 17ملیۆن یۆرۆی بەخشی بۆ فرەوانکردنی موزەخانەکە .
موزەخانەکە دابەشی چەند بەشێک بووە،بە گوێرەی جۆری هونەرەکەو مێژووی دروست کردنی،درێژی هۆڵەکان 13کیلۆ مەتری چوارگۆشەیە ، نزیکەی یەک ملیۆن پارچەی هونەریی دەگرێتە خۆی،بە تابلۆی زەیتی و پەیکەرەوە،هەر لە موزەخانەکەدا چەندین شاکاری مەزنی ئەگریکی و میسری و یۆنانی تێدایە،کە ژمارەیان 5564پارچە دەبێت،وێڕای چەندین تابلۆو پەیکەر کە مێژووی دروست کردنیان دەگەرێتەوە سەدەی هەژدەهەم .
بە گشتی موزەخانەکە سێ باڵی سەرەکی دەگرێتە خۆی کە بریتین لە :
.1باڵی دینۆن ـ کە هونەری ئیسلامی،پارچەی هونەریی رۆژهەڵاتی،لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی،نیگارو ئاسەواری فرەنسی و ئیتاڵی و ئیسپانی دەگرێتە خۆی .
.2باڵی سولی ـ کە چەند نیگارێکی سەدەکانی حەڤدەو نۆزدەهەمی تێدایە وێڕای شوێنەواری فیرعەونییەکان و پاشماوەی هونەریی ئێرانی.
.3باڵی ریتشلیۆ ـ کە چەند تابلۆیەکی فرەنسی،ئەڵمانی،هۆڵەندیو چەند پەیکەرێکی فرەنسی دەگرێتە خۆی،وێڕای هەندێ بەرهەمی سەردەمی ناپلیۆن و چەند پارچەیەکی بەهاداری ئێرانی .
گرنگترین ئەو تابلۆ جیهانییانەی لە موزەخانەی لۆڤەر پارێزراون بریتین لە تابلۆکانی : مۆنالیزا ،تابلۆی دواخوانی ئێوارە ی (لیۆناردۆ دافنشی) تابلۆی سوێندی برایان ـ ی ژان لوی دافید ،تابلۆی تاج لە سەرنانی ناپلیۆن ـ کە گەورەترین تابلۆی لۆڤەرە لە رووی قەوارەوە ،جگە لە چەندین پەیکەری ناوداری وەک پەیکەری (سەرکەوتنی باڵدارەکە) کە لە شێوەی ئافرەتێکی بە باڵە بە بێ سەر،کە مێژووی دروست کردنی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن
هەر لە موزەخانەکەدا هۆڵی (ئەبوللو) زۆر سرنجی بینەران رادەکێشێ بە تایبەت ئەو نەخش و نیگارە هونەریی و زەغرەفەییەی لە سەقفی هۆڵەکەدا دروست کراون،کە نەخشێکن لە تابلۆیەکی رەنگاو رەنگی جوان دەچن.
میوانانی موزەخانەکە لە دەرگای هەرەمێکی شووشەییەوە دەچنە ژوورەوە،کە ساڵی 1999کراوەتەوە،دیارترین بە شەکانیشی هۆڵی گەورەیە کە کاترین دی میتیشی لە سەدەی حەڤدەهەم دروستی کردووە،کە دەیان لەو تابلۆ نایابانە لە ئامێز دەگرێت کە لەلایەن نیگارکێشە بلیمەتەکانی جیهان دروست کراون،لە پێشەوەی هەمووان تابلۆ بە ناوبانگەکەی لیۆناردۆ دافنشی ـ مۆنالیزا یە ،کە دافنشی ساڵی 1503کێشاویەتی،هەر لەو هۆڵەدا تابلۆیەکی روخساری فرانسیسی یەکەم هەیە کە تیتان ـ ی نیگارکێش دروستی کردووە .
لە لای راستی هۆڵی گەورە،هۆڵێکی تەسک هەیە کە هەندێ لە تابلۆکانی نیگارکێشی فرەنسی تولوتریک ـ ی تێدا نمایش کراوە،لە لایێکی دیکەی هۆڵەکەدا دافیدی نیگارکێش تابلۆیەکی لە وێنەی ناپلیۆن نمایش کردووە،هەروەها موزەخانەکە چەندین تابلۆی بەهاداری رۆژهەڵاتییەکانی تێدایە کە ئەوروپییەکان لە کاتی هێرشە سەلیبییەکانیان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاڵانییان کردوون،لە سەر ئەو موزەخانەیەش چەندین رۆمانی بە چێژ نووسراوە، لەوانە (شەفرەی دافنشی) لە لایەن نووسەری ناسراوی جیهانیی دان براون،کاتی خۆی ناپلیۆنی یەکەم هەولێکی زۆری داوە بۆ گەشەپێدانی موزەخانەکەو فرەوانکردنی ..
ئێستاکەش ئەو موزەخانەیە لە پێشەوەی هەموو موزەخانەکانی جیهانە لە رووی ژمارەی گەشتیارانی و ساڵانە زیتر لە 9ملیۆن کەس لە هەموو جیهاندا سەردانی ئەو موزەخانەیە دەکەن، وەک گۆڤاری زی ئارت نیوزبایبر بڵاوی کردۆتەوە،ئەمەش ژمارەیەکی کەم وێنەیە بە بەراورد لە گەڵ موزەخانەکانی تری جیهان،واش باوە کە رۆژی یەک شەممەی سەرەتا هەموو مانگێک سەردانی ئەو موزەخانەیە بە خۆڕایی بێت و رۆژانی ئاسایی تریش بە 10 یۆرۆ.
گەشتیار کاتێ سەردانی موزەخانەکە دەکات چەندین خزمەتگوزاری بۆ دابین دەکرێت،لە رێبەرو نەخشەو دانانی سەنتەرێکی زانیاریی دەربارەی موزەخانەکە،وێڕای کتێبخانەو پلیت برین لە رێگەی ئینتەرنێتەوە .
هەروەها رێبەرێکی دەنگی لە موزەخانەکەدا داندراوە،بە هەموو زمانە جیهانییەکان بۆ ئەوەی گەشتیار سوودی لێ ببینێ لە کاتی سەردانی بۆ موزەخانەکە، دابین کردنی کافتیریای تایبەتی بۆ حەسانەوە .